گفتوگۆ لەگەڵ گەنجان

# دەستکاری ئینجیلی پیرۆز: ڕاستییە یان بوختانە؟

نوسینی: د. فەریز سامۆئیل

وەرگێڕانی: مجید ڕەشید محەمەد

پێداچوونەوەی: ئەندازیار سروش

چاپ و بڵاوکردنەوەی: ببلیکا

کوردستان - هەولێر - بەختیاری

+٩٦٤ ٧٥٠ ٧٣٦ ٥٥٧٥

info@kitebipiroz.com

www.kitebipiroz.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ISBN: 978-1-62337-462-4

کتێبی پیرۆز دەستوری باوەڕمانە بە مەسیح، چونکە وشەی خودایە کە بە سروش هاتووە. ئەو تاشەبەردەشە کە بە درێژایی مێژوو ڕەخنە و هێرشەکانی تێکشکاندووە. لەم نامیلکەیەدا بەڵگەی پوخت لەسەر ڕاستیی و دروستی ئینجیل دەخەینە ڕوو.

## یەکەم: واتای وشەی ئینجیل

وشەی ئینجیل وشەیەکی یۆنانییە و واتای هەواڵی خۆش یاخود مزگێنی دڵخوشکەر دەگەیەنێت.

ئینجیل مژدەی ئەو ڕزگارییەمان بۆ ڕادەگەیەنێت کە مەسیح بۆ مرۆڤایەتی هێنای. هەروەها ژیاننامەی مەسیحمان پێشکەش دەکات لە (ژیان و فێرکردن و پەرجوو و مردن و هەستانەوە و هاتنەوەی دووەمی). ئەوەی کە گرنگە بیزانین مەسیح خۆی ئینجیلی نەنوسیوەتەوە، هەروەها بۆشی نەهاتۆتە خوارەوە، چونکە سروش لە باوەڕی مەسیحدا واتای ئەوە نییە کە کتێبێك لەلای خودا هەبووە و دایبەزاندووە، بەڵکو ڕۆحی خودا دێتە سەر نوسەر و بەڕێوەی دەبات، ئینجا ئەویش ئەو پەیامە دەنوسێت کە خودا دەیەوێت بۆمانی بنێریت، جا لەوەی کە دەینوسێت دەیپارێزێت بە بەکارهێنانی شێواز و زمان و کلتوری نوسەر.

(چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی مرۆڤەکانی کردووە، بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیەنن.) پەیمانی نوێ (ئینجیل)، دووەم نامەی پەترۆس ٢١:١

## دووەم: یەك ئینجیل

کاتێك لاپەڕەکانی ئینجیل هەڵدەدەیتەوە دەبینی کە ئینجیلی مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یۆحەنا هەیە. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە چوار ئینجیل هەیە، بەڵکو تەنها یەك ئینجیلە و چوار کەس گێڕاویانەتەوە، واتە یەك ئینجیل لە چوار گێڕانەوەدا کە لە ناوەڕۆك و بابەتەکانیاندا هاوتان.

هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی هەندێك زانیارییەوە جیاوازیش بن، ئەوە بە هۆی ئەوەی لەلایەن مرۆڤی (کەسانی) جیاوازەوە نوسراوە. بەو شێوەیەش لەگەڵ ئەو گەلانە دەگونجێت کە پەیامەکەیان ئاراستە کراوە. مەتای نێردراو بۆ جولەکەکانی نوسیوە، لەبەر ئەوە بایەخی داوە بەو پێشبینانەی کە لە تەورات و زەبووەکان و کتێبی پیغەمبەران سەبارەت بە مسیح نوسراون. هاتنی مەسیح و هاتنەوەی دووەمی و جێبەجێبوونی ئەم پێشبینییانەیە. ئەوە دەیسەلمێنێت کە مەرقۆسی موژدەدەریش بۆ ڕۆمانییەکانی نوسیوە، لەبەر ئەوە بە نێردراوێتی مەسیح و فێرکردنەکەی دەستی بە نوسین کردووە و هێز و مەزنایەتی و پەرجووی مەسیحی ڕوونکردۆتەوە.

ئیدی بەم شێوەیە، واتە یەك ئینجیل و یەك پەیامە، چوار کەس بۆ گەلانی جیاوازیان گێڕاوەتەوە، یاخود دەتوانین بڵێین یەك ئینجیل بە چوار پیت نوسراوەتەوە.

## سێیەم: نوسەرانی ئینجیل

مەسیح خۆی ئینجیلی نەنوسیوەتەوە، بەڵکو ئەو مزگێنییەکی کردەیی پێشکەش کردووە. بەر لە مردن و هەستانەوەی زەحمەت بوو کە قوتابیان و نێردراونی بە تەواوەتی لە پەیامەکەی بگەن، لەبەر ئەوە بەر لە لەخاچدانی

کاری کرد و قوتابییەکانی فێرکرد، بەڵێنی پێدان بە نادرنی ڕۆحی پیرۆز (جا کاتێك یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات. ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن.) ئینجیل بەگوێرەی نوسینی یۆحەنا ١٥: ٢٦، ٢٧.

(هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم، بەڵام ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن. بەڵام کاتێك ئەو دێت، کە ڕۆحی ڕاستییە، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە هیچ ناڵێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیلێت و ڕایدەگەیەنێت چی ڕوودەدات.) ئینجیل بەگوێرەی نوسینی یۆحەنا ١٦: ١٢، ١٣

هەروەها لە دوای هەستانەوی مەسیحیش لەنێو مردووان ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی هەندێك لە نێردراوان و قوتابییانی مەسیحی کرد بۆ نوسینەوەی ئینجیل، ئەوانیش ئەمانە بوون: (مەتا، مەرقۆس، لۆقا، یۆحەنا، پۆڵس، پەترۆس، یاقوب و یەهوزا). لە کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینییش نوسینی ئینجیل تەواو بوو. (لێرە مەبەستمان لە وشەی ئینجیل هەر چوار ئینجیلەکە و کرداری نێردراوانە کە سەرەتای مێژووی باوەڕداران دەخاتە ڕوو لەگەڵ نامەکان و سیپارەی ئاشکراکردن) زۆربەی ئەم نوسەرانەش خۆیان شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوونە.

## چوارەم: ئایا ئینجیل دەستکاری کراوە؟

ئاراستەکردنی تاوان زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەی کە پەنجەی تاوان ئاراستە دەکات لەسەریەتی بەڵگەی بەدەستەوە بێت. هەروەك پیاوانی یاسا وا دەڵێن.

لەمانەی خوارەوەش بەرپەرچی ئەم بوختانانە دەدەینەوە و بەڵگەش لەسەر دەستکاری نەکردنی ئینجیل پێشکەش دەکەین.

## یەکەم: بەڵگە و سەلماندنی ناوەکی (پێکهاتەی ئینجیل خۆی)

١- ئەوانەی کە ئینجیلیان نوسیوەتەوە خۆیان شایەتحاڵ یاخود یاوەری شایەتحاڵەکان بوونە، بە ڕۆحی پیرۆز کتێبی پیرۆزیان بۆ تۆمار کردووین. سەرەڕای ئەمەش شایەتییان داوە و بینیویانە، پەترۆسی نێردراو نوسیویەتی و دەڵێت:

(کاتێك هاتنی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان و هێزەکەیمان پێ ناساندن، ئێمە بەدوای کۆمەڵە ئەفسانەیەکی زیرەکانەی هەڵبەستراو نەکەوتبووین، بەڵکو شایەتحاڵی پایەبەرزییەتی ئەو بووین.). دووەم نامەی پەترۆس ١٦:١. هەروەها دەڵێت: (ئەم عیسایە خودا هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەموومان شایەتین بۆی.) کرداری نێردراوان ٣٢:٢. یۆحەنای نێردراویش نوسیویەتی: (ئەو پیاوەی ئەمەی بینی شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە. خۆی دەزانێت کە ڕاست دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن.) ئینجیل بەگوێرەی نوسینی یۆحەنا ٣٥:١٩. هەروەها نوسیویەتی: (ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە بە ئێوەی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر بژین.) نامەی یەکەمی یۆحەنا ٣:١

هەروەها شایەتییەکەی لۆقای موژدەگەریش بخوێنەوە کە دەڵێت: (ئەی ساوفیلۆسی پایەبەرز، زۆر کەس هەستان بە داڕشتنی چیرۆکی ئەو شتانەی لەلای ئێمە هاتنە دی، وەك ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە پێمان گەیشت کە لە سەرەتاوە شایەتحاڵ و خزمەتکاری پەیامەکە بوون. لەدوای ئەوەی من لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێك کرد، ئێستاش بە باشم زانی بە

ڕیزبەندی بۆت بنوسم، تاكو لە ڕاستی ئەو قسانە دڵنیابی کە فێرکراوی.) ئینجیل بەگوێرەی نوسینی لۆقا ١: ١- ٤

ئاسانیش نییە شایەتی بە درۆ بخرێتەوە، ئەوەش لەبیر نەكەین کە ئەوان قوتابی و نێردراوی بنەڕەتی و فێرکردن بوون.

٢- یەكێتی نێوان سیپارەکان

ئینجیل یەك کتێبە و یەك پەیام و ئامانجی هەیە. کاتێك دەیخوێنیتەوە هەست بەو یەكێتییە دەكەیت کە سیپارە جیاوازەکان پێكەوە دەبەستێتەوە. سەرەڕای جیاوازی ئاستی هزری و کەلتوری نێوان نوسەرانی، چونكە دانەرەکەی تەنها یەكێكە، ئەویش ڕۆحی پیرۆزە (هەموو نوسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان) دووەم نامەی تیمۆساوس ٣: ١٦

٣- بەرزیی ئاستی فێرکردنەکان

کاتێك ئینجیل دەخوێنیتەوە هەست بە ئاستبەرزیی فێرکردنەکانی دەكەیت. کاتێكیش بەراوردی دەكەیت بەو فێرکردن و بنەمایانەی لەو سەردەمەدا نوسراون درك بە جیاوازییەكی مەزن دەكەیت لە نێوان ئەوەی ئینجیل بۆی هات و ئەوی خەڵك بانگەشەی بۆ دەكات. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەرچاوە خوداییەکەی. ڕوونترین بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەمەیە کە لە ئینجیلی مەتادا هاتووە لە هەر سێ بەشی (٥، ٦، ٧) بە ناوی (وتاری سەر چیا).

٤- ناڕوونی دوو شتی پێچەوانەی دژ بە هۆش

لەناو ئینجیلدا فێرکردنی ئاستبەرز و بیروباوەڕی لاهوتی هەن کە بەرزترن لە سنووری درکپێكردنی هۆش. وەك باوەڕی سێتایی (ئەقنوم) و بابەتی کڕینەوە

بە خوێن. ئینجا ئەگەر درکیشمان پێیان نەکرد ئەوا واتای ئەوە نییە کە ئەمانە ڕاست نین، بەڵکو بەڵگەن لەسەر ئاستبەرزییان و سنورداری هۆشی ئێمە.

بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی هەوڵیدابێت لە بیردۆزە ڕێژەییەکەی ئەنشتاین بگات و نەیتوانیبێت، ئەوا واتای یان بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەم بیردۆزە هەڵەیە. بەڵکو تێنەگەیشتنی خۆیەتی. ئەو فێرکردنانەش کە بەرزترن لە ئاستی تێگەیشتنی ئێمە بەڵگەن لەسەر ڕاستییەتی سروشی ئینجیل، چونکە ڕاگەیاندنی خودایە کە بەرز و مەزنترە لە سنوری درکپێکردنی مرۆڤ.

٥- کارتێکردنی سەرسووڕهێنەر

وشەکانی ئینجیل کاریگەییەکی سەیر و بەهێزیان هەیە.

ژیانی تاك و ژیانی گەلانی لە کۆیلایەتی و نەزانی و ملکەچی بۆ شەریعەتی نادیارەوە گۆڕیوە بۆ بەرزترین ئاستی ژیان و شارستانییەتی بەرز.

هەروەها کاریگەرییەکی سەیریشی هەیە لەسەر ئەدەب و هونەر. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و دروستی سەرچاوە خوداییەکەی.

## دووەم: بەڵگە دەرەکییەکان

زۆر بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە ئینجیل وشەی زیندووی خودایە و نەگۆڕاوە، لەم بەڵگانەش:

١- ئەو کتێبەی کە بە زنجیرە دەگوازرێتەوە گۆڕانی گوفتاری تێدا نابێ، لەلای قسەکەرانیش ئەمە شتێکی نەویستراو دەبێت، چونکە (تەورات و ئینجیل) دوو کتێب بوون گەیشتبوونە ئەوپەڕی ناوبانگ، بە شێوەیەك کە زەحمەت بوو بتوانرێ ئەم گۆڕینە دروستبکرێ. ئینجیلیش بە زنجیرە و

پشتگیریکردنێکی نەپساو لەلایەن نێردراوان و ئەو قوتابییانەوە گەیشتۆتە دەستی ئێمە کە لە سەرەتاوە شایەتحاڵ بوون و پاشان بوونە بانگەشەکار و مزگێنیدەر. لە کۆبوونەوە و نوێژەکاندا ئینجیل دەخوێندرایەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی قبوڵ کراوە.

هەبوونی چەند دەستنوسێك کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکەم، واتە ماوەی نێوان نوسینی ئەم دەستنوسانە و نوسخە ئەسڵیەکان ماوەیەکی زۆر کورتە. هەروەها شایەتحاڵەکان هێشتا لە ژیاندا مابوون و ئەو ڕووداوانەیان بینیوە کە لەم سیپارانەدا هاتوون.

٢- هەبوونی ئینجیلی ساختە و دەستکاریکراو

مەسیحییە یەکەمەکان پشتیان بە یەك ئینجیل بەستووە کە چوار کەس بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز نوسیویانەتەوە، لەبەر چەند هۆکارێك لێرەدا دەرفەت نییە باس لەو بیرە پووچانەش بکەین کە خاوەنەکانیان لە کتێبدا نوسیویانەتەوە و دەیگەڕێننەوە بۆ نێردراونی مەسیح، بۆ ئەوەی لەنێو کۆڕی مەسیحییەکاندا قبوڵ بکرێت. ڕەنگە هەندێك خەڵکیش باوەڕیان بە فێڵەکانیان کردبێت، بەڵام پیاوانی ئایینی و زانایان بەتاڵی و ساختەیی ئەم کتێبانەیان دەرخستووە و کڵێساش بەکارهێنان و خوێندنەوەی ئەم کتێبانەی لە کۆبوونەوکاندا ڕەتکردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەش کڵێسا هەڵنەستا بە سوتاندن و لەناوبردنی ئەم کتێبانە. لە بەراوردی نێوان ئینجیل و ئەم کتێبانەدا ڕاستی مێژوویی و یاسایی ئەو ئینجیلە ڕاستەمان بۆ دەردەکەوێت کە پشتی پێ بەستراوە.

٣- ڕووداوە مێژووییەکان

کاتێك ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە ئینجیلدا هاتوون بەراوردی دەکەین

لەگەڵ کتێبە مێژووییەکانی جیهان (جولەکە و ڕۆمانی و یۆنانی)، ڕاستی ئەو ڕوداوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تێیدایە.

تەنانەت هەتا ئەمڕۆش هیچ دژایەتییەك یاخود دەستکاریکردنێك لە ئینجیلدا نەدۆزراوەتەوە.

٤- مەحاڵی گۆڕینی ئینجیل

لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە مەحاڵە ئینجیل دەستکاری کرابێت:

## أ- لە ڕووی مێژووییەوە

تاوانی گۆڕینی (دەستکاری) ئینجیل وەك هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن، بانگەشەکەیان نە پشت بە بکەر نە بە بەرکار دەبەستێت، هەروەها نە کات و نە شوێنێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کەسەی ئەم بوختانە دەکات ئەمانەی خوارەوەمان بۆ بسەلمێنێت:

(کەی دەستکاری کراوە؟ کێ دەستکاری کردووە؟ ئەو ئایەتانەی دەستکاری کراون کامانەن؟).

سەلماندنی تاوانی دەستکاریکردن لە ڕووی مێژووییەوە پێویستی بە دەرخستنی یاخود پیشاندانی نوسخەی ئەسڵی و نوسراوی دەستکاریکراو هەیە، ئینجا بەرەوڕووکردنەوەیان بۆ سەلماندنی دەستکاریکردنەکە.

## ب- لۆژیکییانە:

یەکێك لەو شتە ئاساییانە ئەوەیە کە ناکرێت مرۆڤ لە یەك سات و لە یەك ئاستدا باوەڕی بە شتێك هەبێت و کوفریشی پێ بکات، ناکرێت هەندێك

مەسیحی باوەڕیان بە ئینجیل هەبێت و هەندێکی دیکەش کە ئەوانیش باوەڕیان پێی هەبێت و بانگەشەی پێ بکەن و لەپێناویشیدا بمرن، ئینجا لایەنێك بێن دەستکاری بکەن. گریمان با یەکێکیش هەوڵی ئەوەی دابێت، بەڵام خۆ ڕاست نییە کە هەموو باوڕداران پێکەوە ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کتێبەکەیان دەستکاری بکرێت.

هەتا ئەگەر یەکێکیش هەوڵی ئەوەی دا، خۆ لەلایەن زۆرینەی باوەڕدارانەوە تووشی بەرپەرچدانەوە دەبێت و هەڵەکەی سەرناگرێت.

وەك چەسپاوە ئەوەیە کە ئینجیل لە هەموو کات و شوێنێکدا زۆر بە مەزنی بڵاو بووەتەوە. ئەو شتەی کە واش دەکات دەستکاریکردنی ئینجیل شتێکی مەحاڵ بێت ئەوەیە کە ناکرێت هەموو خەڵکی لە هەموو نەتەوە و زمانەکان ڕێکبکەون لەسەر کۆکردنەوەی هەموو نوسخە و وەرگێڕدراوەکان، ئینجا دەستکاری قسەی خودا بکەن. هەندێك خەڵکی باوەڕدار هەر دەمێنێت لەگەڵ ئەم شاڵاوەی کۆکردنەویە نەبێت، لەم دۆخەش سەرکەوتن بۆ سروشی خودایە و هاواری ناڕەزایی لە بەرامبە ئەوانەدا دەبێت.

ڕاستە کە مەسیحییەکان جیاوازن، بەڵام کتێبەکە بە دەقی خۆی لەلای هەمووان هەر یەکە، هەر کامێکیان ئەم دەقە دەخوێنێتەوە بە ڕای خۆی پاڵپشتی لە ناوەڕۆکەکەی دەکات، جا ئەگەر هەندێکیان بیانویستبایە دەستکاری دەقەکانی ئینجیل بکەن، ئەوا هەندەکەی دیکە بەرهەڵەستییان دەکرد. لەم بارەشدا دوو کتێبمان دەبوو، یەکێکیان ڕاست و ئەوەی دیکەش دەستکاریکراو.

ئینجیل پەیامی رزگابوون هەڵدەگرێت بۆ هەموو خەڵك لە هەموو سات و شوێنێك، بۆیە ئەگەر یەك وشە ون بێت یان بگۆڕدرێت واتای وایە خودای خۆشەویست ئامانجی ڕزگاربوونەکەی بۆ مرۆڤ ون کردووە. چونکە خودا

خۆی بەرپرسە لەسەر پاراستنی کتێبەکەی، وەك دیاریشە خودا پاراستنەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، دەتوانێت ئەمە بکات و بە دڵنیاییشەوە کردوویەتی و دەشیکات. هیچ کەسیش ناتوانێت بیسەلمێنێت کە ئەو بێ توانایە، ستایش بۆ ئەو.

## ج- دەستنوسناسی، یان سەلماندنی سەرچاوەکان (ببلیۆگرافیا)

### یەکەم: دەستنوسەکان

ئەمڕۆ زیاتر لە سێزدە هەزار دەستنوسی پەیمانی نوێ بەردەستە. بە بەراوردکرنیش لە نێوانیان دەتوانرێت بگەینە نوسخەی ئەسڵی.

ماوەی زەمەنی نێوان سروش و گێڕانەوە. ماوەی نێوان نوسخە ئەسڵیەکان و دەستنوسە دۆزراوەکان زۆر کورتە کە مەحاڵی دەستکاریکردن دەسەلمێنێت.

- ئەگەر یەکێك لەو دەستنوسانە جێگەی گومان بێت، ئەوا پێویستە لەسەرمان هەموو کتێبیەکانی دیکە ڕەت بکەینەوە.

چونکە لە بیلیوگرافیادا کتێبێك نییە وەك ئینجیل چەسپاو و تۆکمە بێت.

- ئەمڕۆ لە کتێبخانە گەورەکانی ماڵی کتێبدا چەند دەستنوسێکی ئینجیل هەیە، لەگەڵ چەندین نوسخەی وەگێڕدراوی هەموو چاخەکان، بە تایبەتیش لە سەدەی شەشەمی زایینی، لەوانە:

- دەستووسی جون رایلاند (١٣٠ زایینی) لە مانچستەری بەریتانیا هەیە. کۆنترین دەستنوسە و لە میسر دۆزراوەتەوە کە "ئینجیل"ی تێدایە بەگوێرەی نوسینی یۆحەنا، ئەم ئینجیلە لە کۆتایی سەدەی یەکەمدا

نوسراوەتەوە، کەواتە ئەو ماوەیە کە لە نێوان نوسخەی ئەسڵی و ئەم دەستنوسەدا هەیە لە ٣٠ ساڵ تێناپەڕێت.

- دەستنوسی تسستربیتی (٢٠٠ ز.) لە مۆزەخانەی (بیتی)یە لە دبلن، بەشێکیشی لە زانکۆی (میشەگن)ـە، زۆربەی ئینجیل لەخۆدەگرێت.
- دەستنوسی بدمر (١٥٠ - ٢٠٠ ز.) لە کتێبخانەی (بدمر)ە و بەشی هەرەزۆری "ئینجیل"ی یۆحەنا لەخۆ دەگرێت.

هەروها دەستنوسی تەواومان لە بەردەستە کە بە زمانی یۆنانی نوسراوەتەوە، لە گرنگترینیان:

- دەستنوسی سینایی (٣٥٠ ز.) ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیایە و لە دێری سانت کاترین دۆزراوەتەوە. لە بەرگی دواوەی ئەم نامیلکەیە وێنەی بەشێك لەو دەستنوسە دانراوە.
- دەستنوسی ڤاتیکانی (٣٢٥ - ٣٥٠ ز.) لە کتێبخانەی ڤاتیکان.
- دەستنوسی ئەسکەندەرانی (٤٠٠ ز.) لە مۆزەخانەی بەریتانی.
- دەستنوسی ئەفرایمی (٤٠٠ ز.) لە کتێبخانەی نیشتمانییە لە پاریس.

## دووەم : وەرگێڕدراوەکان

ئەمڕۆ سەدان وەرگێڕدراو و هەزاران نوسخەمان هەیە لە وەرگێرانە کۆنەکان، لەوانە وەرگێڕانی سریانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٥٠ ز).

لە بەراووردکردنیشدا یەکانگیری ئەو دەقە دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ لە

بەردەستمانە لەگەڵ ئەو دەقەی بە سروش لە پەروەردگارەوە هاتووە، ڕوون دەبێتەوە کە هیچ جیاوازییەکیان نییە.

## سێیەم: تێکهەڵکێشییەکانی کڵێسا

باوکانی کڵێسا لە هەردوو سەدەی یەکەم و دووەم زۆر تێکهەڵکێشیان لە پەیمانی نوێ (ئینجیل) کردووە کە لە ڕێگەیەوە توانییان پەیمانی نوێی لێ کۆبکەنەوە.

(داڤید دابمربل)ی توێژەریش ڕۆژگارێکی بەسەربرد لە توێژینەوەی هەموو ئەم تێکهەڵکێشیانە. ئینجا گەیشتە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

ئەویش بە کورتی ئەمە بوو: (گومانی تێدا نییە.)

## کۆتایی

لە دوای هەموو ئەم بەڵگانە چ جای دەرەکی بن یان ناوەکی، ئایا کەس دەتوانێت بڵێت ئینجیل دەستکاری کراوە؟

خوێنەری بەڕێز: ئێمە لێرەوە بانگت دەکەین بۆ خوێندنەوەی ئینجیل، بۆ ئەوەی بتوانیت خۆت بڕیار بدەی، نەك وەك خەڵکانی دیکە کە بێ بەڵگە و بە بەتاڵی پەنجەی تاوان درێژ دەکەن.

(بەڵام تۆ، بمێنەوە لەسەر ئەوەی فێری بوویت و دڵنیابوویت، زانیت لە کێ فێربوویت، هەروەها لە منداڵییەوە لە نوسراوە پیرۆزەکان دەزانیت کە دەتوانن لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بتکەنە دانا بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری. هەموو نوسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان، سوودبەخشن بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی، تاکو پیاوی خودا تەواو ئامادە بێت بۆ هەموو کارێکی باش.) ئینجیلی پیرۆز، دووەم نامەی تیمۆساوس ٣: ١٤- ١٧

دەستکاریکردنی ئینجیل بانگەشەیەکی درۆیە و هەندێك کەسیش بێ بەڵگە دووپاتی دەکەنەوە. لەم نامیلکەیەشدا بەڵگە لەسەر ڕاستییەتی ئینجیل و مەحاڵی دەستکاریکردنی پیشکەش کرا.